دارایی عێراق هێکاری پێندانی تەمویلی مووچەی هێرەمی کوردستان بە مانگی ئایار ڕووندەکاتەوە

وەزارەتی دارایی عێراق وەڵامی ڕاگەیەندراوی ئەوارەی ئەمڕۆی وەزارەتی دارایی هێرەمی کوردستانی دایەوە و دەڵێت: "ئەمە پابەندی بەیاری دادگە بووین."

وەزارەتی دارایی عێراق ڕوونکردنەوەیەکی حەوت خاڵی لەبارەی ئەوە بڵاوکردووەتەوە کە ناتوانێت پارەی مووچە بە هێرەمی کوردستان بنێرێت.

وەزارەتی دارایی ڕایگەیاندووە کە "بەگوێرەی یاسای بودجە و بەیاری دادگەی باڵای فیدراڵی ئەوەیە کە هێرەمی کوردستان داهاتی نەوتی و نانەوتی ڕادەستی حکومەتی فیدراڵی بکات" تاوەکو وەزارەتی دارایی پارەی مووچە بدات و دەڵێت: "وەزارەتی دارایی پابەند بووە بە یاسا و بەیاری دادگەی فیدراڵی، بەڵام حکومەتی هێرەمی کوردستان پابەند نەبووە".

باسی لەوەشکردوە، بەپێی یاسا، لیژنەی باڵای وردبینی فیدراڵی و لیژنەی باڵای وردبینی هەرەمی ڕاپۆرتی خێیان لەسەر حساباتی حکومەتی هەرێم بڵاوکردەوە، داهاتی نەوت و نانەوتیان ئاشکراکرد کە ڕادەستی حکومەتی فیدراڵی نەکراوە، هەرچەندە ئەو پارەیەی لە وەزارەتی

داراییەوە لە چوارچێوەی پشکی هەرێمدا بو کە لە یاسای بودجەدا دیاریکراوە، بەڵام ئەو داهاتە نەوتی و نانەوتانەی کە حکومەتی هەرێم لەتیکردەوە رادەستی خەزێنەی گشتی بکات، زیاتر بو لە پشکی هەرێم کە لە یاسای بودجە و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیدا دیاریکراوە".

ئەوەشیخستەڕو، "حکومەتی هەرێم پابەند نەبوە بە تەوتینی موچە بەپێی یاسا و بڕیاری دادگای فیدراڵی، سەرەڕای تێپەڕبونی ماوەیەکی زۆر، هەروەها حکومەتی هەرێم بەرپرسیارێتی پێشێلکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی سەبارەت بە موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و چاودێری کێمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان هەڵدەگرێت، لە ئەنجامی رادەست نەکردنی داهاتی نەوت و نا نەوتی بە خەزێنەی گشتی".

وەزارەتی دارایی عێراق ئاشکراشیکردوە، "ڕادەستنەکردنی نەوتی کێڵگەکانی هەرێم بە کۆمپانیای سۆمە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەگوێرەی یاسای بودجەی فیدراڵی و دەستپێنەکردنی هەناردەکردنی نەوت دوای پەسەندکردنی هەموارکردنەوەی بودجەی فیدراڵی وایکردوە خەزێنەی گشتی بە ترلیۆن دینار زیانی پێبگات"